## وتەیەکی پێویست

بیرەوەری، سەرباری ئەوەی کە هەڵدەگرێ جێی قسەلەسەرکردن و لێکدانەوەو پەسندکردن یا گومانیش بێ، سەرچاوەیەکی تری نووسینەوەی مێژووە، بگرە مێژوونووسین لای زۆری میللەتان سەرەتا هەر بە بیرەوەری و زانیاریی ئەم و ئەوی ئاگادار دەستی پێ کردووە. بەداخەوە، بیرەوەری نووسینەوە لای ئێمە نەبوە بە نەریتێکی باوی بەردەوام، وا کە ڕۆژانەو گەرماوگەرم، بەتایبەت ئاگاداران بینووسنەوە. لەکاتێکدا حاڵی حازر میللەتانی هەرە پێشکەوتووی دنیایش مەیدانێکی نووسینەوەی مێژووی نوێیان، مێژووی زارەکییە، کە دەکرێ پاش بژارو شەنوکەوکردن زانیاریی گرانبەها و وردی بۆ مێژوویەکی ڕاستەقینە لێ وەر بگیرێ.

ئێمە، وەك سامانی بەڵگەنامەمان، لەبەر هەلومەرجی سەختی سیاسیی کوردستان لەلایەکەوەو نەبوون یا کزیی هۆشیاریی بەڵگەنامەپاراستن لەناو ڕۆشنبیرانی کورددا لەلایەکی ترەوە، تووشی لەناوچوون بووە، شارەزاو ئاگادارو بەشدارانی ڕووداوەکانی ڕابوردوویشمان -بەگشتی- مێژوودۆست نەبوون، نەیانکردووە بیرەوەریەکانیان بنووسنەوەو ئەو گەنجینەیە لەگەڵ خۆیاندا نەبەنە گڵەوە. لەبەر ئەوە مێژوومان کەلێنی زۆرو ناتەواویی لەژمارەنەهاتووی تێ کەوتوون؛ خۆ ئەگەر بیشمانەوێ مێژوویەکی تاڕادەیەکی بەرچاو دروست بنووسینەوە، ناچار دەبین پەنا ببەینە بەر سەرچاوەکانی بێگانەو ئەرشیڤەکانی وڵاتانی ناوچەکەو ڕۆژاوا، کە ئەگەرچی زۆرترین زانیاریی تایبەت بە مێژووی نوێی کوردیان تێدا پارێزراوە، لە چوارچێوەی هێندێ

www.zheen.org

هـەوڵی تاکەکەسـیدا نـەبێ، هێـشتا بـە جیـددی کـار بـۆ کۆکردنـەوەو سوودلێوەرگرتنیان نەکراوە.

بۆیە دروود بۆ گیانی کەسانی وەك خوالێخۆشبوان ڕەشید شەوقیو ڕەفیق حیلمیو ئەحمەد خواجەو ئەحمەد تەقیو قەدری جەمیل پاشاو مەلا محەمەدی چرووستانیو ... کە هیچ نەبەبێ لەو ڕووەوە دەست پێشخەر بوونو بەشێکی بیرەوەریەکانی خۆیان بۆ بەجێ هێشتین. ئەو هەولانەیش کە ئێستا لێرەولەوێ بۆ بایەخدان بەم لایەنەو نووسینەوەی مێژووی نوێ پشت بەستوو بە بیرەوەری دەدرێن، هەرچۆنێك بێ جێی خۆیان دەگرنو شایانی ڕێزن.

ئەم کتێبەی بەردەست، بیرەوەریەکانی بەڕێز "غەنی بلووریان"ـە، سالانێك بەر لە چاپکرانی کتێبی "ئاڵەکۆك"، کاك ئیبراهیمی فەڕشی ساڵی ١٩٨٩ پاش چاوپێکەوتنێکی درێژخایان تۆماری کردوون. ئەو دەمە مام غەنی زەینی ڕوونترو بیری تیژتر بووە، وردترو هەمەلایەنەتر مەسەلەو کێشەو ڕووداوەکانی لە باری سەرنجی خۆیەوە شی کردووەتەوەو لێیان دوواوە.

بنکەی ژین، کە ئەم بیرەوەریانە وەك بەجێهێنانی ئامانجێکی خۆیو درێژەدان بە چالاکیی لەم بوارەدا بلاو دەکاتەوە، پێی وایە مەرج نییە، کە هەر وایشە، هاوڕای بەشێکی کەم یا زۆری لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەکانی مام غەنی بێ لەسەر ڕووداوەکان. بەلام وەك پێڕەوکردنێکی ئازادیی بیروڕا دەربڕینو بۆ هێنانەقسەی کەسانی ئاگاداری ترو هاندانیان بۆ نووسینەوەی بیرەوەریەکانیانو بۆ پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن لە مێژووی پێشوو، پێویستی دەبینێ ئەو بەرهەمە بخاتە کتێبخانەی کوردییەوە.

بنکەی ژین

کانوونی یەکەمی ٢٠٠٨

عەبدولڕەحمان زەبیحی، سەدیق ئەنجیری ئازەر، قادر شەریف، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، ئەسعەد خودایاری، سولەیمان موعینی، عەولا موعینی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و دەیان کەسی تر، هەر لە کۆچبەریدا بێسەروشوێن کران یان کوژران. ئایا ئەمە ئەو چارەنووسەیە کە سیاسی و بیرمەندانی کورد خۆیان هەڵیان بژاردووە، یان بۆیان دیاری کراوە!؟

ئەوانە تەنیا ڕۆڵەکانی مەڵبەندێکی بچووکی کوردستانن، ژمارەی کوژراوانی کورد لە سەدەی بیستدا بۆ کەس حیساب ناکرێ! ئەمڕۆ بە ملیۆن کوردو بە هەزاران سیاسی و بیرمەندو هونەرمەندی کورد لە کۆچبەریدا دەژین، هێندێك لەوانە کە ڕچەشکێن بوون، ئەمڕۆ لە هەندەران لە بێدەنگیی زەمان و لە تەنیایی و دوور لە زێدو میللەتەکەیان «دەژین». سارمەدینی سادق وەزیری، مامۆستا هاوار (لەکاتی نووسینی ئەم بابەتەدا هەواڵی مەرگی بلاّو بۆوە)، محەمەد موکری، (ساڵی ٢٠٠٧ لە پاریس ژیانی کۆتایی پێ هات)، غەنی بلووریان و زۆر کەسی دی لەو بەرەیەن.

هەر کام لەو کەسانە چاك یان خراپ مێژوویەکی زیندوون، ئەو مێژووەی کە ئەوان دەیگێڕنەوە لە کتێباندا نەهاتووە، ئەگەریش نەیگێڕنەوە، ئەوە چووەو فەرامۆش کراوە، هەروەك چۆن خۆیان فەرامۆش کراون، مێژووی ئێمەش، مێژووی فەرامۆشکراوانە. هەر کام لە ئێمە بە دەستی خۆمان فەرامۆشخانەمان بۆ خۆمان ساز کردووە.

هەموو جیهان بگەڕێین کتێبێك لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی یەکەم سەرۆك کۆماری کوردستان پەیدا ناکەین، تەنانەت زۆرێك لە مێژوونووسەکانمان نازانن قازی محەمەد کەی لەدایك بووە؛ لە هەمان

کاتدا خوێندکارانی خوێندنگا و زانستگاکانی ولاّتی ئێمە ژیان و بەسەرهاتی داگیرکەرانی ولاّتەکەیان بە دەرس دەخوێنن.

غەنی بلووریانیش لەو ولاّتەدا لەدایك دەبیّ، کابرایەکی بیّسەوادی بیّبڕوانامەی سیکل و دیپلۆم و لیسانس و دوکتۆرا، زانیاریی لەسەر میللەتەکەی پیّدەبەخشیّ و ژیانی سیاسی هەڵدەبژێریّ، بەو هیوایە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆی و خەڵك و ولاّتەکەی ئازاد بن.

ئەو هیواو ئاواتە سەری دەیان سەردارو ڕێبەری کوردی بەرەو پەتی سێدارە کێشا، ئەو هیوایە تەنیا لەیەك سەدەدا، سەدان کارەساتی لیّ کەوتەوە کە دوانیان هەڵەبجەو ئەنفال بوو. سەدەی بیست بۆ میللەتی کورد سەدەی کارەسات بوو، لە هەمان کاتدا سەدەی خەبات و خۆڕاگری.

غەنی بلووریان، لە ١٦ سەعات گفتوگۆی ڕووبەڕوودا، باسی سەدەی کارەسات دەکات. باسی سەرهەڵدان و تێکشکانەکان، باسی ڕووداوە شیرین و تاڵەکان، باسی ڕووداوە فەرهەنگی و ئاینی و فکری و نەتەوایەتیەکان دەکات کە خۆی لەنزیکەوە شاهێدیان بووە.

گێڕانەوەو پرسیارو وەلاّمەکان دەبنە هۆی ئەوەی دەیان ڕووداوی گرنگی فکری، سیاسی، فەرهەنگی کە لە هیچ شوێنێك باسیان نەکراوە، ڕۆشنایی‌یان بخرێتە سەر، وەك باڵشویکەکانی مەهاباد، وەك ئاینی کەڵبەش، کە هەردووکیان زادەی موکریان بوون. ڕووداوە سیاسیەکانی سەردەمی کۆمەڵەی ژ. ك و پاشان ڕووداوەکانی پاش تێکشکانی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات، شۆڕشی باشووری کوردستان، ڕووداوە سیاسیەکانی پاش ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی، ناکۆکییەکانی ناو کوردەکان و گەلێك باسی تر، بەرهەمی ئەم گفتوگۆیەن، کە لە ١٩٨٩/٧/٢١دا لە شاری کۆڵن، ماڵی ژمارە ١٠١ی شەقامی بەرلین، تۆمار

کراوە. بەڵام سەیر ئەوەیە پرسیارو وەڵامی پرسیارەکانی ١٧ ساڵ بەر لە ئێستا، لە پرسیارو وەڵامی پرسیارەکانی ئەمڕۆ دەچن.

بلووریان تەنیا وەڵامی پرسیارەکان ناداتەوە، بەڵکوو خۆی و سیاسەتەکانیشی دەکەونە ژێر پرسیارو ڕەخنەو گازندە. ڕۆڵ و دەوری خاس و خراوی مامە غەنی و ڕابەرانی حیزبی دێموکرات و ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەوێنی سەرەکیی باسەکانن. ڕەنگە ئەو مێژووە بۆ کەسانێك جێگای شانازی بێ و بۆ کەسانێکی دی جێگای داخ و کەسەر و تێڕامان و بیرکردنەوە.

ڕەنگە زۆر کەس لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی مامە غەنیو هەڵسوکەوتی سیاسیی ئەو نەبن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەك مامە غەنی نەبینن و نەیاندیتبێت و نەیانبیستبێت. نووسەری ئەم کتێبە لە هەموو ئەو کەسانەی کە بەشداری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی ٦٠ ساڵی ڕابوردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات بوون، داوا دەکات هەڵەکانی ناو ئەو کتێبە ڕاست بکەنەوە، تکایە بێدەنگ مەبن و ڕووداوە مێژووییەکانی ٦٠ ساڵی ڕابوردووی وڵاتەکەمان ڕاستگۆیانە بگەیێننە نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو، با ئێمەش بتوانین مێژووی خۆمان ڕاستگۆیانە ببیستین.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم چەشنە گفتوگۆیانە، ئەوەیە کە کەسی وەڵامدەرەوە ناچار بە گێڕانەوەیە. گێڕانەوەی هەر ڕووداوێك، ڕووداوێکی دیکەی بە شوێنەوەیە و زۆر جار وەڵامدانەوەی پرسیارێك دەکەوێتە دوای گێڕانەوەی چەند ڕووداو. هەر بۆیە کارەکە هاسان نییەو پەیتا پەیتا دەبێ یاداشت هەڵگیرێتەوە، کە منیش وام کردووەو لێ گەڕاوم

گواستنەوەی قسەکانی مامە غەنی‌یە، نە ڕازاندنەوە یان گۆڕینی بەگوێرەی سیاسەتی ڕۆژ.

ئەوەش کە لەم کتێبەدا دێت بیرو بۆچوونی مامە غەنی بلووریانە لە وەلاّمی پرسیارەکاندا، هەرچیش بە ناوی برایم فەرِشی‌یەوە هاتبێ، ئەوە من، واتە نووسەری ئەم دێڕانە، لێی بەرپرسیارە، نە کەس یان دەزگایەکی دیکە، لەوانە ئەو دەزگایەی کە چاپ و بلاّوی دەکاتەوە. بۆ پێداچوونەوەی کتێبەکە دەبێ سپاسی وەرگێڕ و نووسەر ئیسماعیل ئیسماعیل زادە بکەم.

ڕۆژی سێزدەبەدەری ساڵی ٢٧٠٧
ئاڵمان– ئەیالەتی نوردارین وێستفالن
شاری کۆڵن، ٢٠٠٧/٤/٢

بنکەی ژین
www.zheen.org

**برایم فەرشی:** مامە غەنی، ئەو کاك حەمەیە کێ بوو؟ چییان دەکوت؟ بۆ نێوی بالشویکیان لەسەر خۆیان دانابوو؟ ئەوانە کێ بوون؟ چییان دەکرد؟

**مامە غەنی:** من ئەو قسەو باسە، باسی حەمە هەتیو و ئەوانەم لە بابم بیستووە. وەختێکی قشوونی ڕووسییەی تزاری لە تورکییەی شەڕیان دەکرد، شەڕی بەینەلمەلەلی ئەوەل [١٩١٤-١٩١٨]، هاتن بۆ مەنتەقەی مە. کوردستانیان گرتبوو، قشوونی ڕووس واریدی ئێران بوون، لە مەنتەقەی مەهابادو ئەوانە ئەغڵەب شەڕی بەینی تورکییەی عوسمانی و ڕووسیان دەبوو. لە نێو ئەرتەشی ڕووسی تزاریدا ئەفسەرانی سوسیال دیموکرات هەبوون. ئەفسەرانی حزبی سوسیال دێموکراتی ڕووسی. لەنێو بەدەنەی ئەرتەشدا ئەو ئەفسەرانە لە مەناتیقی موختەلیف بێکار دانەدەنیشتن، کاری تەبلیغیی خۆیان دەکرد. لە مەهابادیش کە دەورێك مابوونەوە، لەوێ مەشغووڵی ئەو تەبلیغاتانە و ئەو کارانە بوون. **قازی محەمەد** لە ئێرتبات لەگەڵ ئەوانە تەفەکوری سوسیال دێموکراسی ئەودەمی وەرگرتبوو، شتێکی پێگەیشتبوو، بەعزە شتێکی پێگەیشتبوو.

حەمە هەتیو، لە گەڕەکی مە بوو. ماڵیان ڕووبەڕووی ماڵی عەبدوڵای ئیسحاقی بوو لە گەڕەکی هەرمەنیان، مەشهوور بوون. ئەو حەمە هەتیوە لەقەبی هەتیو بوو. نێوی ئەسڵیی نازانم چ بوو، حەمە بوو. ئایا بێ باب گەورە بووە، یان بە نێوی هەتیویان نێو ناوە، یا لەقەب و عینوانێك بووە. لە محەلەی ئێمە زۆر لەقەب و عینوانان بە خەڵك دەدەن. ئەوەش خەڵك بەوی داوە، بە چ دلیل، نازانم. بەڵام ئەو چێودار بووە. شوغڵی چێوداریی هەبوە، حەیواناتی کڕیوەو هاتوچۆی دێهاتی کردووەو حەوت هەشت دە

## قشوونی شوورەوی و ڕامالینی هێزی شارەبانی مەهاباد

ساڵی ١٣٢٠ کە نیرووی (هێزی) موتەفیقین (هاوپەیمان) هاتن بۆ ئێران و قشوونی شوورەوی گەیشتە مەهاباد، حکوومەت نەما، ئەرتەش نەما، پۆلیس نەما. فەرماندارو حکوومەت بە تەواوی پایگای لە مەهاباددا نەما. ئەڵبەتە ئەوانە هەمووی دوابەدوای یەك تێك چوون، کە من لێرەدا بە گشتی باسی دەکەم. ئەرتەش چەك کرا، فەرماندار ڕۆیشت، تەنیا ئیداراتی حکوومەتی مانەوە؛ یەك لەوانە ئیدارەی شارەبانی بوو، بە چەند پاسەبانەوە، کە پاسەبانەکان پێچی کوردییان لەسەر دەنا، بەبی چەك دەهاتنە شاری و کڵاوی پاسەبانییان لەسەر نەدەنا. دەرکی شارەبانییان دادەخست و لە پشت دەرکەکەوە تفەنگچییان ڕادەگرت، بەبێ ئەوەی خەڵك بیانبینێ کە تفەنگچی لە بەر دەرگا ڕاوەستاوە. حکوومەت لە مەهاباد هێزی نەمابوو. ئەفسەرێکی شارەبانی سەرگوردێك بوو بە ناوی قوبادی خەڵکی کرماشان، ئەویان ناردبوو بۆ مەهاباد، چون کورد بوو، بە کوردی قسەی دەکرد بۆ ئەوەی کە مەوجودییەتی شارەبانییەکەی ڕابگرن. ئەویان ناردبوو کە شارەبانییەکەی ڕابگرێ ، بۆ ئەوەی نیشانەیەك لەو حکوومەتە نەمێنێ، شارەبانیش کەوتەبەر هێرشی خەڵك و پاسەبانەکان چەك کران.

### عزیز خانی کرمانج:

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە مزگەوتی هەباس ئەغا، عەزیز خانی کرمانج کە بە قەوم و خێش دەگاتەوە تایەفەی قازی محەمەد و خانەدانی ئەوان، لە بەگزادەکانی ئەتراق بۆکان، سوخەنرانیی کرد، کە حوسێنی فرووهەریشی لەگەڵ بوو. فرووهەر مەهابادی بوو.

کۆ دەبووینەوە، چەند نەفەر بەرپرس دیاری کران بۆ وەرگرتنی خۆراکەکە، وەختی خواردنیش بە دوو سەف دادەنیشتین، خۆراکەکە تەقسیم دەکرا، ئەوەی شتی پێدەهات دەیهێنا، ئەوەی نەیدەتوانی، توانای نەبوو، نەیدەهێنا.

پاشان سروودمان دەخوێندەوە، ئەو سروودانەی کە فێر ببووین، ئەو سروودانەی لە عێراقێرا هاتبوو بۆ ئێران، وەکوو (خوایە وەتەن ئاواکەی، چەندە جوان و شیرینە). پاشان شاعیرێکمان هەبوو کە ئێستا بە داخەوە وەزعی تێك چووە، ئەو دەمی گەنجێك بوو لە مەدرەسە بوو، جەوانێك بوو شاعیر بوو، شیعری دەگوت بە نێوی عەبەیدوڵلای ئەیووبیان، ئەو شیعری نیشتمانیی دەگوت و دەخوێندەوە، ئێمە هەستمان دەجووڵاوەو بەعزێك حەتتا دەگریان وەختێك ئەو شیعرەکانی دەخوێندەوە. ئێوارانیش تێکڕا بە خیاباندا دەهاتینەوە، خەڵك لە چوارچرا کۆ دەبوونەوە، بە میتینگ و بە شکڵی دەمۆنستراتسیۆن دەهاتین و دەڕۆیشتین بەرەو مەیدانی ئازادی، چەند فیشەکمان ڕادەگرت بۆ ئێوارانە کە بیتەقێنین، بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆمان ئەوە بوو، ئەوەی بتەقێنین زیاتر سەرنجی خەڵك ڕاکێشین، خۆمان بە خەڵك بناسێنین. شوعاریشمان بەخاتری سازمانی جەوانان دەداو دەعوەتمان دەکرد لە جەوانان بێن تێکەلاو بن لەگەڵ ئەو سازمانی جەوانانە، ئێمە سازمانی جەوانانمان بۆ ڕزگاریی کوردستان دروست کردووە، ئەو کارانەمان دەکرد.

www.zheen.org

## کۆمەڵەی ژ. ك

ساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣) کۆمەڵەی ژ. ك، دەعوەتێکی لە ئێمە کرد کە بچین لەگەڵیان موزاکەرە بکەین. کۆمەڵەی ژ. ك وەکوو کوتراوە لە ساڵانی

نەببووە، بەڵام لە مەهاباد دەستی کردبوو بە حەرەکەت. کە ئەوە بوو، حاکمیەت لە تاران هەستی بەوە کردبوو.

**قەرەنی ئاغای مامەش:**

قەرەنی ئاغای مامەش، کە یەکێك لە سەرانی عەشایری مامەش بوو، بە عینوانی فەرمانداری مەهابادیێ دیارییان کرد. مەبەست لە دیاریکردنی ئەو وەك فەرماندار ئەوە بوو، کە کەسی غەیرە کورد جورئەتی نەبوو بێ لە مەهاباد ببێتە فەرماندار، یا حەتتا ڕۆشنفکرێکی کورد بنێرن ببێتە فەرماندار، لەبەر ئەوەی کەس قەبووڵی نەدەکرد.

خەڵك ئازاد بوو. هەر کەس بۆ خۆی ساحەب ئیختیاری خۆی بوو، تفەنگی هەبوو، لەبەر ئەوە فەرماندارێکی ڕۆشنفکر نەیدەتوانی وەك نوێنەری حکوومەتی ناوەندی لێ هەڵبکا. لازم بوو ڕەییس عەشیرەتێك بێنن بیکەنە فەرماندار، کە هێزی چەکداری هەبێ و بتوانێ جێگیر بێ و ئەرکی فەرمانداری ئەنجام بداو دەستووراتی حکوومەتی ناوەندی جێبەجێ بکات و بوونی حکوومەت ڕابگرێ و بیسەپێنێتەوە. قەرەنی ئاغای مامەش هات بۆ مەهاباد و خۆی وەك فەرماندار ڕاگەیاند، ۳۰۰ چەکداری لەگەڵ بوو.

قەرەنی ئاغا، ناردبووی لەدوای بابم، بە کوڕەکەت بڵێ ئەو بەساتەی کە دروستی کردووە لەو شوێنە، خڕ کاتەوە، ئەگەر خڕی نەکاتەوە، دەستوور دەدەم پێی خڕ بکەنەوە. دوایە بابم بانگی کردم، کوتی: ڕۆڵە، من لەگەڵ عەشیرەتی مامەش تەرەف دەکەی، نە سوارم هەیە، نە تفەنگم هەیە، نە هیچم هەیە، ئەو شتەت بڕۆ کۆکەرەوە، با تووشی کێشە نەبین، ئێمە دەگەڵ ئەوانە ناتوانین تەرەف بین، عەشیرەتن و چەکدارییان هەیە، منیش جەوان بووم و زۆریش نەدەڕۆیشتمە ژێر باری ئەو جۆرە بڕیارانە.

کەمەوە. گەرچی زەمانێك بەو فکرەی گەیشتم میقدارێکی زۆر "مەجەلەی نیشتمان"، "ڕۆژنامەی کوردستان" هی زەمانی جەمهووری و "مەجەلەی گەلاوێژ"، بەعزە کتابێکی شیعرم کۆ کردبۆوە، چونکوو نەمدەتوانی لە ماڵی خۆم ڕایبگرم. بلاخەرە لە موبارزە بووم، هەر لەحزە ئیمکانی هەبوو بێن ماڵێ بگەڕێن. ئەمن ئەوەم لە ماڵێ **خەلیفە ئامین قەمتەرەیی** دانابوو.

**خەلیفە ئامین قەمتەرەیی**، یەکێك لە خەلیفەکانی **حاجی شێخ مستەفای** بوو، کە لە سابلاخێ زۆر نفووزی هەبوو، خەلیفە ژنێکی زۆر دڵسۆز بوو. هەر ئەویش لە کاتی نمایشی "**دایکی نیشتمان**"دا زۆری ژنان هان دەدا بۆ ئەوەی کە بێن بۆ دیتنی نمایشی دایکی نیشتمان. ساڵیانی درێژ ئەو ئاسارو کتێبە لەکن خەلیفە ئامین مابوونەوە. حەتتا وەسیەتی کردبوو لەلای کچەکەی **مریەم** ئەگەر مردم، ئەوانە بۆ ئێمە بە ئامانەت ڕابگرێ.

بە هەر سوورەت پاش چاپکردنی مەجەلەو شتەکان، ئەمن بە کۆمەکی **حەمزە عەبدوڵلای** هاتمەوە مەهاباد، **هەمزە عەبدوڵلا** ئەودەم دەبیری پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق بوو. **محەممەد مەحموود**[*] هەبوو کە ئەویش عوزوی پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق بوو، پیاوێکی باش بوو، کارمەندی حکوومەت بوو، پێم وایە معەلیم بوو، پاڵتۆیەکی دامێ کە لە ڕێگایە ئیستیفادەی لێ بکەم. هەمزە عەبدوڵلا دەمانچەیەکی چکۆلەی ٦ تیری دامێ کە پێم بێ لە ڕێگایە.

دوو نەفەر ئەعزای پارتی یەکیان **قادر تەگەرانی** بوو کە دوایە باسی دێت، یەکیان **حەمە پۆلیس** بوو، ئەڵبەتە ئەوانە قاچاخچی کوتاڵیان

---

[*] ئەوە " **مەحموود ئەحمەد شەنگەی ڕەواندزی**"ی ڕۆشنبیرو نووسەری چالاك و نزیکی شێخ لەتیفی حەفیدە.

کاری دەکرد. چاوی بە من کەوت و گوتی یالاّ قوربان دیار نەبووی، گوتم دیارم، هەمیشە لێرەم، کوتی وەلاّهی ڕەنگ و ڕووت لەوەی دەچیّ لەبەر تاوو ئەوانە سووتاندبیّ، لەوەی دەچیّ لەبەر تاویّ بووبیّ. لە سەفەرو مەفەران بووی. کوتم ناوەلاّ کوهنەوەردی دەکەم، بۆیە لەویّ حەمامی ئافتابم گرتووە. دیار بوو مەسەلەیەك نەبوو چەند ڕۆژێکی پاشان **کاکە مینە**م نارد کە بچێتە ماڵی **سەید کامیل** و ئەو مەدارك و ئیعلامییەو نەشریاتانە بێنێتەوە. قەرارمان دانابوو لەگەڵ سەید کامل کە لە کورتانی کەرێدا جاسازی بکریّ و کورتانەکەش ئاوا یەکدوو بەستەو بوخچەو ئەوانەی لەسەر دابندریّ، یا توورەکەی کاو شت بۆ ڕەدونکردن. کاکە مینە چوو، دوو ڕۆژی پیّ چوو. گەڕاوە، هاتەوەو ئیعلامییەکانمان هێناوەو قەرارمان دا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە کردمان هەر ئەو ئەفرادانە، فەقەت محەمەد شاپەسندی نەهاتەوە لەگەڵم، لەویّ ماوە، دوایە ڕێگای خۆی داگرت، چووە بەغداو ئێستاش هەر لە بەغدایەو ژنی هێناوەو منداڵی هەیەو زندەگییە دەکات، لە سیاسەت کەنار ڕۆیشت.

### بلاّوکردنەوەی "ڕێگا"و هێرشی ڕوکنی دووی ئەرتەش بۆ گرتنی خەڵك لە شارەکانی سابلاّخ و بۆکان و میاندواو

کۆبوونەوەمان کردو قەرارمان دا لەپێشدا مەجەلەکان پەخش کەین. بۆ ئەوەی پۆلیس هوشیار نەبێتەوە، چون مەجەلە دەست بەدەست دەڕوات، ڕاحەتتر پەخش دەکریّ. بەلاّم ئیعلامیە دەبیّ لە کووچەو کۆلاّنان پەخش بکریّ، لە مالاّن بهاوێژریّ. قەرارمان دا ئەشخاسێك لە مزگەوتەکانی شاری بەیانی بە بەهانەی نوێژی بچن، لەویّ بلاّوی کەنەوە، پەخشێکی لە بەعزە ماڵێکی باوێن کە سەوابقێکی نەبیّ، بەو شێوەیە بلاّو

**دەستپێکردنەوەی**

**کاری حیزبی دێموکرات:**

ئەڵبەتە قەبل ئەز ئەوی بچمە زیندانیٚ، **قادری مەحموود زادە** دەگەڵ **عەزیزی فەرهادی** قەراریان دابوو کە بڕۆن بۆ شوورەوی. هاتن دەگەڵ من مەترەحیان کرد. گەرچی من موافەقەتم نەکرد، گوتم موبارزە باشترە. هەتا چوون بۆ شوورەوی. ئێمە لە شوورەوی بووین هاتووینەوە ئێرە. ئەی بۆ هاتووینەوە؟ مابینەوە لەویٚ، ئێستا لەبەر چی دەچینەوە؟ ئەمن موخالفەتم کرد، بەڵام ئەوان ڕۆیشتنە شوورەوی. قادری مەحموود زادە لەوی ماوە، ڕشتەی دوکتۆریی خوێند، لە زەمانی ٥٧ گەڕاوە ئێرانیٚ. ماوەیەکی لە ئێراق بوو لە هەولێریٚ تەبابەتی دەکرد. پاشان گەڕاوە شوورەوی. **عەزیز فەرهادی** لە باکۆیە مەعلووم نەبوو بە چ عیللەتێك خۆی لە دارداو خۆی کوشت. ئەمن کە لە سەربازخانەی هاتمە دەریٚ، موبارزە ئیدامەی هەبوو، دیار بوو لە سەربازیش ئەو دەمەی ئازاد بووم ئیرتباتم هەبوو. لە سەردەشتیٚ لەگەڵ کۆمیتەی سەردەشت، لە مەهابادیٚ لەگەڵ کۆمیتەی ئیرتباتم هەبوو. موبارزە ئیدامەی پەیدا کرد، تا ئەو وەختەی کە مەسائیلی خەلعی یەد لە نەفتی ئێران مەترەح بوو. کە لە خەلعی یەددا، موبارزەی ئێمە لە شێوەی مەخفی هاتە دەریٚ، جەنبەی عەلەنیی بە خۆی گرت. ئەمە [ئێمە] لە مەسەلەی «میللی شودەنی نەفتی ئیستفادەمان کرد» و مبارەزەی عەلەنی و مەخفیمان بەیەکەوە تەرفیق کرد، کە دیارە ئەگەر وەختێکی دیکە بوو لە سەری باس دەکەین و ئیدامە دەدەین.

کۆمیتەی سابلاخ یان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟

براییم فەرشی: باستان کرد کە دوای ئەوەی گەڕانەوە بۆ ئێران، مەجەلەی ڕێگاتان هێناو دوای ئەوە گیران، لەو موددەتەی هەتا ئەو دەمە

مبارزە ئیدامەی پەیدا کرد، جەریانی میتینگی خەلعی یەد کە تەرتیب درا، جەماعەتێکی زۆر هاتنە دەرێ، کە ئێمە وەسایلی میکرۆفۆن و ئەو ئیمکاناتەمان نەبوو. ئەمە [ئێمە] لە "بووقی" [شەیپوور] **قاوەخانەی عیمادی** کە گەرەمافۆنی قەدیمی هەبوو، چووین "بووقەکەمان" لەوی ئەستاند. ئەو شوعارانەی کە نووسیبوومان، ئەو بووقەی لێدەدا و شوعارەکانی دەدا. میتینگەکەمان بەو جۆرەی تەشکیل دا.

تێعدادێك لە **مەیدانی ئاردی** خڕ بوونەوە. تێعدادێك لە **مەیدانی ئاسنگەران** خڕ بوونەوە. تێعدادێك لەسەر بەرداشی خڕ بوونەوە. تێعدادێك لە **مزگەوتی هەباس ئاغای** خڕ بوونەوە، کە مزگەوتی هەباس ئاغای هەمیشە جێگای مبارەزە بووە، کە بە حەق نێوی مەیدانی ئازادی لێ نراوە. عێددەیەك لە داخڵی حەساری مزگەوتێدا خڕ بوونەوە. کە پاشان بە تەدریج ئەوانە هاتن بۆ تەرەفی **چوارچرایە**. هەدەفمان ئەوە بوو کە ئێمە لە چوارچرایە تەمەرکوز بکەین. لە چوارچرایە تەزاهوراتەکەی دەست پێکەین. بڕۆین بە تەرەفی شیرکەتی نەفت. لە مەیدانە گەورەکەی **مەلا جامی** کە بۆ لای تەورێزێ دەچێ، شیرکەتی نەوت لەسەر ڕێگای تەورێزی بوو. یانی تەقریبەن قەراغ شار بوو. **تەکیەی باباخەڵیفەی** لێیە. ئەوبەری بەتاڵ بوو، مەیدانی فوتباڵی لێ بوو کە ئەلعان بۆتە **مەنتەقەی سێ ئاشان**. بەنابەرئێن [بنابراین] لەوێ ئەو میتینگە درا. هەر وەکوو سوحبەت کرا موراجعەمان کرد. مخالفەتێکی جیددی نەکرا لەسەر ئەوەی. بەڵام فکریان نەدەکردەوە بە شکڵی دمونستراسیۆن بێتە دەرێ. پێیان وابوو عیددەیەك جەوانن، دەچن لەوێ شیرکەت بکەن. ئێمە مەسەلەکەمان وا مەترەح نەکرد کە دمونستراسیۆن و ئەوەی بکەین. ئەوە بوو [هەموو خۆپیشاندەران] لەبەر چوارچرایە خڕبوونەوە. لەوێ بە شکڵی دومنستراسیۆن حەرەکەتمان

ئەمە ئینتقادمان لە **هاشمی حسێن زادەی** کرد. کە لە شەرایتی ئاوا حەساسدا ئینسان ئاوا بەرخورد ناکات. بلاخەرە ئەگەر بە سەمیمییەتەوە پێت گوتبا، بۆ ئەو لایەی تێدەهاویشت، یان ئەقەلەن نەدەچوو. بە هەر سوورەت ڕێفراندۆم لە **مەهاباد** زۆر وەسیع بوو، شکڵی تەزاهورات و سوخەنرانیی مەوزعی بوو. پاشان حاڵەتی میتینگێکی ڕێکخراوەی لەبەر **مەیدانی ئازادی** وەسیعتر بوو. خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەوە، گەرچی ئەو دەمی ژنان حەقی ڕەییان نەبوو، بەڵام ژنێکی زۆریش لە **مەیدانی هەباس ئاغا** کۆبوونەوە. ئەوە تەشویقێك بوو بۆ خەڵك، چونکوو لەلایەن کۆمیتەی هەیئەتی مەسئوولینەوە، دەستووریان دا ئێمە سازمانی ژنان هان بدەین بێن بۆ میتینگەکە. من مەسئوولی **سازمانی ژنان** بووم، هەوەڵێ **عەزیزی یۆسفی** مەسئوولی سازمانی ژنان بوو، پاشان ئەمن بووم بە مەسئوولی سازمانی ژنان. خوب خەڵك ببێنێ ژن لە تەزاهوراتی شیرکەتی کردووە، تەشویق دەبێ بۆ ئەوەی پیاویش زۆرتر وەسیعتر شیرکەتێ بکەن. کە ئەوە تەئسیرێکی زۆر زۆری هەبوو. ئەوە ئەوەڵین تەزاهوراتێك بوو ژنان شیرکەتیان کرد، بە شکڵی عەلەنی و وەسیع، لەبەر مەیدانی ئازادی. دیارە ئەو ڕیفراندۆمە لە شارەکانی **نەغەدە** و **پیرانشار** و **شنۆ** و **سەردەشت** و **سەقز** و **بانە** و **سنە** و ئەوانەش بە شێوەهای موختەلف خەڵك شیرکەتیان کرد. ئارایەکی لە سەرتاسەری ئێرانێ درا بە سوودی ئینحلالی مەجلیس: مەجلیس **موسەدیق** مونحەلی کرد.

**حیزبی دێموکرات**

**لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**برایم فەڕشی:** مەسئوولینی ئیرتباتات لەگەڵ شارەکان کێ بوون؟



www.zheen.org

کارەکانی ئێمەشتان بە عۆدەی خۆتان گرتووە. داوا و مورافەعە دەبێ، ئیختلافاتی ماڵی دەبێ، هەر شتێك دەبێ کە بە دادگوستەری مەربووتە، ئەنگۆ ڕەسیدەگیی پێدەکەن، خەڵك بە ئێمە موراجەعە ناکەن. دیارە بە عینوانی گلەیی ئەوەی مەترەح دەکرد. ئەوە نیشانەی ئەوە بوو مەوقعیەتی **حیزبی دێموکرات** لە سەتحێکی باڵادا بوو خەڵك حەتتا ڕوویان لە حکوومەت نەدەکرد بۆ موشکیلاتی خۆیان، ڕوویان لە حیزب دەکرد. ئەوەی ئەو دەیگوت حەقیقەت بوو. چون بونگای **لالە درەخشان** لە حەقیقەت جێگا بوو بۆ موراجەعەی خەڵك، بۆ شکایەتی خەڵك، ئەمە دەچووین ڕەسیدگیمان پێدەکرد. بە شکایەتهایەك کە دەکرا. ئەوە بوو فەعالیەت زۆر کرا. هەتا **موزەفەری**مان بە تەبعیدکردن دا بۆ **قوم**. لە **تارانێ**. کە عیددەیەك مەهابادی چووبوون بۆ دیدەنی، کوتبووی ئەگەر ئەمن بگەڕێمەوە بۆ مەهابادێ بۆ گیانی ئەو ئینسانە دێمەوە کە فەعالیتیان کردووە بۆ تەبعیدکردنی من دەرەجەکەشم دانابێ، بلاخەرە دەگەڕێمەوە بۆ گیانیان. خوب دیارە دەورێکی گەڕاوە و بەحسی دەکەین. ئەوەش فەعالیەتی ئینتخاباتی ئێمە بوو لەو دەوریدا.

پاش وی جەریانی ساڵی ٣٢ [١٩٥٣] بوو. ٢٥ی موردادی ٣٢. کە شا هەڵات، لە **مەهاباد** و لە **سەردەشت** لە **سەقز** و لە **نەغەدە** لە شارەکانی دیکەی کوردستان تەزاهوراتی شادمانی کرا. مەخسووسەن لە مەهابادێ فەوقولعادە وەسیع بوو، نوتق و سوخەنڕانی بوو. لەو حەددەیدا بوو کە ئێمە تەرتیبمان دا، حەتتا ڕەییسی پۆست و تلگراف **حشمەت** کە پێشوو نەیدەوێرا خۆی نیشان بدا، ئەو شیرکەتی کرد. سوخەنڕانی کرد. دادستان **حاجی سمساری** بوو، **موسەدیقی** بوو، شیرکەتی کرد. **حەسەن داودی** کە بە ئەفسەرێکی تەرەفداری حکوومەت مەشهوور بوو، عەلەیی شای

ژمارەی یەك و دوومان ناردەوە. لە قتووی پرتەقاڵمان دەنا و پووشمان دەباڵی دەکرد و لەسەر سەربانی ئوتوبووسمان دادەنا. ئەگەر گیراش خۆتی لێ بە ساحەب مەکە. بەڵام خەتەر هەبوو. **مەحموود** دەیبردە ورمێ و فکر دەکەمەوە دەیبردە ماڵی **عەبدوڵا عیزەت پوور**، کە ئێستا لەگەڵ جناحی قاسملوو و ئەوانە. دەیبردە ورمێ لەوێشڕا دەیبردەوە **مەهابادێ**، ئێمە سەهمییەی ڕۆژنامەی عێراقمان جودا دەکردەوە، چون هەم بۆ تورکیامان دەنارد، هەم بۆ عێراق. ئێمە پەنجا ژمارەمان بۆ تورکیا دەنارد، ٥٠ ژمارەمان بۆ عێراق دەنارد. ١٩٠٠ ژمارەشمان بۆ کوردستانی ئێرانێ چاپ دەکرد.

برایم فەڕشی: مەتالبی ڕۆژنامە چ بوون؟

غەنی بلووریان: دەتوانم بڵێم ئەسڵەن لەیادم نییە. دەزانی چەند ساڵی پێ‌چووە، کە بتوانم ئیشارە بە مەتڵەبێکی بکەم. بەڕاستی ئەسڵەن لەبیرم نییە. بەڵام ئەوەندە دەزانم مەوردی ئیستقبالی گەرم قەراری گرت. کە **مامۆستا هێمن** نامەیەکی بۆ نووسیبووین، نامەیەکی تەشەکورئامیز کە کوردییەکی جوان و سادە و ڕۆژنامەیەکی ڕێکوپێکە. لە عێراق داوایان لێ کردین کە ٢٠٠ ژمارەیان بۆ بنێرین. لە تورکیا داوایان لێ کردین زیاتری کەین. لە کوردستانیش داخوازی زۆرتر بوو. بەڵام ئێمە بەڕاستی پێمان نەدەکرا لە تەورێزێ ڕا بارێکی گران بوو بۆ ئەو برادەرەی زیاتر لە دوو هەزار ژماران بەرێتەوە. ڕۆژنامە قورس و سەنگینە. نەدەکرا ئیمکانی ئەوەش کە لە ورمێ بۆ خۆمان چاپخانەیەکی دانینن نەبوو، کە نزیکترە.

www.zheen.org

### داخستنی چاپخانە و ڕاگرتنی ڕۆژنامەی کوردستان

ئێمە توانیمان هەشت ژمارە وەدەرخەین. بە عیللەتی ئەوەی پاش هەشت ژمارە چاپخانەی ئازەربایجان مەوردی حەملە قەراری گرت و

## ئەسعەد خودایاری، ساواکی مەهاباد و عەبلّای ئیسحاقی

ساڵی ٣٧ کە هاتمە دەرێ لە زیندانێ، لە تەرەف عەبلّای ئیسحاقی خەبەرم پێدرا بە وەسیلەی **قادر شەریف** کە **ئەسعەدی خودایاری** بۆ خۆمان ناردۆتە سازمانی ئەمنیەت، نفووزییە تۆ دەگەڵی تەماست هەبێ. ئەگەر ئیتلاعاتێکی لازمی پێویست بێ، بۆ گومڕاکردنی ئی سازمانی ئەمنیەت، تۆ دەگەڵ ئەسعەد لە ئیرتباتدا بە، ئەسعەدیش دێ بۆ خاریج بۆ عیراق، من دەگەڵی ئیرتبات دەگرم. ئەو دەمەیە کە **مەلا مستەفا** گەڕاوەتەوە لە شوورەوی، کودەتای **قاسمی** بووە، عەبدوڵای ئیسحاقی لەوێیە و مورەتەب لەلای مەلا مستەفایە، ئەمن لەگەڵ ئەسعەد ئیرتباتم بەرقەرار کرد. **ئەسعەد خودایاری** دەرەجەداری ڕوکنی دوو بوو، لە زەمانی دێموکراتدا تفەنگی فڕاند لە **سەقز** هەڵات، هاتە **جەمهووریی مەهاباد**، لەوێ وەکوو دەرجەداری ئەرتەش هەمکاریی دەگەڵ جەمهووری کرد. لە جەمهووریی کوردستان بوو بە فەرماندەی نیزامی. پاش تێکچوونی حکوومەت، ئەسعەد ڕۆیی بۆ عێراق، ماوەیەك لە عێراق بوو، گەڕاوە، هاتەوە **مەهاباد** و لە مەهاباد نازانم چ ساڵێك گەڕاوە. دەستگیر کرا، پەروەندەی هەبوو بە زەمانەت بەر بوو، پاشان **عەوڵای ئیسحاقی** تەشویقی کرد لەگەڵ **ساواك** هەمکاری بکات. ساواك ساڵی ٣٦ [١٩٥٧] لە مەهاباد دامەزرا. ئەسعەد خودایاری ئیحتمالەن ساڵی ١٣٣٥ [١٩٥٦] گەڕاوەتەوە. کە هاتۆتەوە ماڵی **فەتەی چاو شێتی**، لەوێدا گیراوە. چونکی هیچی لەسەر نەبوو. مەدارکی لەسەر نەبوو، ئەسعەدیان بەردا. دیارە **شایعەشیان** دابوو حیزب کە ئەسعەد ساواکییە. پێش ئەوەی بچێتە ساواك لە پێشدا شایعەسازییان کرد، بۆ ئەوەی زەمینە بدەن بە ساواك ئەسعەد بگرێ. ئەسعەد موخالفەتی کردبوو، کوتبووی ئەمن ئابڕووم هەیە لەنێو خەڵکدا، خەڵك جنێوم

www.zheen.org

تارانێیە لە **قزڵقەلعەی**. کە ئێمە ئەو جەلەسە لێرە تەشکیل بدەین، تەسمیم گیری بکەین لەسەر ئەو پێشنیارەی کە کراوە. ئەمن دەعوەتم کرد بە جەلەسە. دوکتور مەولەوی و شەریعەتی بێنە مەهاباد، عەولا ئیسحاقی بێ، **هاشم** کە لە شاخییە ئێمە زۆر مەحرەمانە لەو سەتحە چکۆلەدا ئەو جەلەسە بگرین، چون مەسەلە موهیمە. سەتحی گوستەردە نەبێ.

پەیامەکەی کە من ناردم بۆ تارانێ، عیللەتەکەم بەیان نەکرد، ئەوەم باس کردبوو کە ئەو برادەرانەی کە لە تارانێ دانیشتوون، دوورن لە جەریانی موبارەزاتێ، ئەمن کە لە زیندان هاتوومە دەرێ، ماوەیەکە لێرە کار دەکەم، موتەوەجهی عەدەمی حزووری وان بووم لێرە. وا باشە کە ئەوان جاروبار بێنەوە لە جەلەسات شیرکەت بکەن، بە وەزعی مەنتەقە ئاشنا بن. ئیمکان و بەهانەش هەیە و ئەمە دەبێ کۆببینەوە، بەعزە مەسایلێکمان هەیە قسە بکەین. مەعلووم نییە بە چ عیللەت **دوکتور مەولەوی**، **خولەی ئیسحاقی** برای **عەبدوڵای ئیسحاقی** لە تاران تەشویق کردبوو کە بچۆوە مەهابادێ، خەبەر بدە بە عەبدوڵڵای کە داوی ئەو جەلەسەی غەنی نەکەوێ و نەیەتەوە، بێتەوە غەنی تەسمیمی هەیە ئەو بەرکەنار بکات. بەرنامەی غەنی ئەوەیە کە بەرکەناری بکات. بۆ خۆی وەك جاران تەسەلوتی بەسەر حیزبدا هەبێ. دیارە دوکتۆر مەولەوی نەزەری موساعدی لەگەڵ من و عەزیز نەبوو، چونکوو ئەمە جناحی کامیلەن چەپی ڕەهبەری حیزب بووین. دوکتور مەولەوی ڕووحێکی ناسیۆنالیستی پەیدا کردبوو.

www.zheen.org

قەبلەن لەگەڵ حیزبی توودەی وەختێك لە دانشگایە بوو، جزوی سازمان جەوانانی حیزبی توودە بوو، ئەسڵەن بە زیدی کۆمۆنیست تەبدیل بوو. نەك زیدی حیزبی توودە، زیدی کۆمۆنیست. ئەو ئەفکارەی

یەکێك لە کادرەکانی فەرمانداری نیزامی بوو. دوایە سازمانی ئەمنیەت گرتی و یەکێك لە کادرەکانی فەعالی سازمانی ئەمنیەت بوو، بازجووی سازمانی ئەمنیەتیش بوو. ئەرسەلان پووریا دەگەڵ ئەو سەرهەنگ زیبایە هەمکاریی دەکرد، بە دەستووری ئەو سەرهەنگ زیباییەش، ئیرتباتی لەگەڵ ڕەهبەری حیزب لە خارج بوو، ڕەهبەری حیزبیش بێخەبەرە کە ئەوە موتەحدە بە ساواکییەوە، دەینێرن ئیرتباتی لەگەڵ بەرقەرار بکەن. گۆیا ئیرتباتی ئێمە و حیزبی دێموکرات، بەوی مونتەقل کەن، یانی ئیرتباتی بەدەنەی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ بەدەنەی حیزبی توودە قەتع نەبێ. قاسملوو هاتبۆوە، چووبوو تەماسی لەگەڵ ئەرسەلان پووریا گرتبوو، ئەرسەلان پووریا دەعوەتی کردبوو بە جەلەسەی، قاسملوو کوتبووی ئەمن مونتەزری عەزیزی یۆسفیم لە مەهابادڕا بێت. پێکەوە بێینە جەلەسەی. لێرە نێوی عەزیز یۆسفیش بۆ ئەرسەلان پووریا مەترەح بوو، بۆ سازمانی ئەمنیەت مەترەح بوو، کە **عەزیز یۆسفی** هەنوز خەریکی فەعالییەتە قاسملوو کە دەیەوێ ئەوێ بێنێ، دیار بوو بۆ سازمانی ئەمنیەت هەنوز ڕۆشن نییە عەزیز یۆسفی فەعالییەتێ دەکات یان نا. بەڵام هاتبۆوە دەرێ لە زیندانێ. بەڵام قاسملوو کە ئەو دەعوەت دەکات بێت لە جەلەسەیدا شیرکەت بکات، دەبێ مەسائیلێك هەبێت. عەزیز یۆسفی پەیغامی بۆ دەنێرێ، ناتوانێ بێت بۆ تارانێ، قاسملوو لەباتی عەزیز یۆسفی، **سمایل قاسملوو** کە لە ساڵی دووی دانشکەدەی فەننی، کوڕی ئامۆزای بابیەتی، نازانم کوڕی کێی برای **حەبیبوڵڵا خانی قاسملوو** بوو، خزمیان بوو، لە خانەوادەی قاسملوو بوو. بۆ خۆشی لە ماڵی وی بوو، دانشجوو بوو، بەوی کوتبوو ئەتۆ وەرە دەتبەم بڵێ ئەمن عەزیزی یۆسفیم دەنگ مەکە، فەقەت بە نێوی عەزیزی یۆسفی لەوێ دانیشە با من وەدرۆیە

سەرەڕای ئەم خاڵانەی کە باس کرا، مامە غەنی لە زۆر جێگا ڕووداوەکان و قسەی نێوان کەسەکان و بیروڕاو لێکدانەوەی خۆی وا دێنێتە زمان، وەك ئەوەی خۆی لە ڕووداوکان و کۆبوونەوەکاندا بەشدار بووە. بۆ وێنە، ئەو کارەساتانەی کە لە باشووری کوردستان لەناو بەرپرسانی حیزبدا ڕوویان داوە، یان ئەو کۆبوونەوەی کە کەسانی دیکە جگە لەو بەشدارییان تێدا کردووە، وەك کۆبوونەوەی قاسملووەکان لەگەڵ سەرهەنگ زیبایی و پووریا، بەرپرسانی ساواك، کە بەناوی کۆبوونەوەی حیزبی تووده، بەڕێوە چووە. ئەم شێوە دەربڕینە لە سەرجەمی گفتوگۆکەدا و لە هەموو بەشەکانیدا بەرچاوە.

جیا لەوانە مامە غەنی لە گێڕانەوەی مەسایلی دەوروبەر و حاشیەییدا، وردبیانەتر باس دەکات، بەڵام لەسەر باس لە مەسەلە گرینگەکان ئەو وردبوونەوە کەمترە و مەسەلەکان ڕوون نابنەوە. بۆ وێنە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە «بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تەورێز چی بووە؟»، هیچ وڵامێك ناداتە دەست، بەڵام هەر لەو پێوەندییەدا لەبیری ماوە کە چۆن مامۆستا هێمن تاریفی کوردی نووسینەکەی کردووە و چۆن کوردەکانی باشوور و باکوور داوای ناردنی ژمارەی زۆرتری گۆوارەکەیان لێ کردووە.

هەروەها لە وەڵامی پرسیارەکانی کە تایبەت بە کۆبوونەوەکانی ڕەهبەری حیزب و بڕیارەکان و خەتی سیاسی و بەرنامەکانی بووە، مامە غەنی شتێك ناداتە دەست و خوێنەر سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب لەساڵی ١٣٢٦ هەتا ساڵی ١٣٣٨ی [١٩٥٩-١٩٤٧] بۆ ڕوون نابێتەوە.

بە هەمان شێوە ڕوون نابێتەوە کە ئەو حیزبە وەك ڕێکخراوە، چۆن لە دەرەوەی شاری سابڵاخ ئیشی کردووە. ئەوەش ڕوون نابێتەوە کە

پزشکپووریم تەقازا کرد، ئەسلەحەکەی بدا بە من. ئەمن ئەسلەحەکەم لە پزشکپووری ئەستاند، پاشان موزاکرە بە ئارامی چووە پێشێ.

لە دەفەعاتی دیکەدا کە داریووش فرووهەر بازهەم هاتەوە بۆ موزاکەرە، ئەو حەوادسەی پادگانی قەوما، بەڵام پێش ئەوەی بقەومێ، **داریووش فرووهەر**یش لە مەهابادێ بوو، ئەودەم **عەلی بابا**یش ئیزافەی کرابوو لەگەڵ هەیئەتەکە هاتبوو، من تەلەفونی لەگەڵ پزشکپووری قسەم کرد ڕاجع بە پادگانی مەهابادێ، کوتم وا مەسڵەحەتە کە موافقەتێ بکەن پادگان لە تەرەف شوورایەوە موشتەرەکەن ئیدارە بکرێ، شوورایەکی موشتەرك لە پادگان موتەمەرکیز بێ و ئێمە تیعدادێکی پێشمەرگەی موسەلەح کە ئینتزامی هەن لە مەهابادێ دێنین بۆ حیفزی پادگان، موشتەرەکەن هاوکاری بکەین، پادگان با بمێنێتەوە.

**خومەینیش** ئەو دەمیش دەستووری دابوو کە حەملە نەکرێ بە پادگان. حەملە بە پادگان کردن بە مەسابە [مثابە]ی حەملە بە حکوومەت بە حیساب دێ. خووب لە باری سیاسییەوە دەمانویست موزاکرە ئیدامەی ببێ. خەلع سیلاحی پادگانی دە شەرایەتێکی کە موزاکەرە هەیە، دەمانەوێ ڕێگا حەلی سیاسی ببینینەوە. بە نەزەری من خەلعی سیلاحی پادگانی زەروورەتی نەبوو. دە هەر شەرایەتێکیدا مومکین بوو بتوانێ پادگانی تەسەروف بکات، کارێکی بکات، بەڵام لەو شەرایتەدا کە موزاکرە هەیە، کارێکی دروست نەبوو.

بنکەی ژین
www.zheen.org

من تەوسیەم کرد بە **داریووش فرووهەر** کە **پزشکپووری** هەمڕاهی عێددەیەك لەگەڵ ئەفسەرانی ئەرشەدی کە لە پادگان بوون، بە عیللەتی سەوابقێك کە لە شاریدا هەیانە، گوایە لە تەزاهورات و ئەوانەدا تیرئەندازییان کردووە، ئەفراد کوژراون لە داخڵی شاردا و مەسئوولیەتی

پەرچەمی ئەو حیزبە دەدەی بە قاسملوو. ئەتۆ موئەسیسی ئەو حیزبەی بووی، پاش شکستی جمهووریی مەهاباد، کۆماری کوردستان.

ئێمە سیغەیەکمان بۆ مبارەزە دیتۆتەوە، شتێکمان تەهیە کردووە، بە نێوی ئیعلامی مەوزعی بەخشی ئەز ڕەهبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەناوی حیزبی دێموکراتی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار، کە ئەمە موسەوەباتی کۆنگرەی چوارەممان قەبووڵە، ئیدامە بدەین لەسەر ئەو موسەوەباتەی، حەتتا حیزبی دێموکرات باتڵی ئێعلام نەکردووە کە هەیە بە قووەتی خۆی باقییە، ئێمە بە دونباڵی ئەوەیدا بڕۆین و حەقی خۆمانە و هەموو نمایەندەگانی کۆنگرەی چوار تەئیدی ئەو موسەوباتەیان کردووە. ئەمە دابنیشین بۆ خۆمان بە دونباڵی ئەو کۆنگرەی چوارەدا بڕۆین، بە دونباڵی موزاکەرە بڕۆین و ڕێگای حەلی موسالەمەتئامیز بیبیننینەوە، بەڵکم بتوانین ئەو شەڕەی بڕینەوە، ئەو خوێنە نەڕژێ، شتێکیشمان بۆ میللەتی کورد وەرگرتبێ، بەشکم ئەو حاکمیەتە تەن بدا بە بەعزێك لە خواستەکان.

خۆلاسە من حەقیقەتەن قانع بووم و قەبووڵم کرد، بەڵام ئیتلاعم نەبوو لە چ جەهەتێکەوە ئەو تەرحە تەهیە کراوە، ئەو ئیعلامی مەوزعە. پاشان بە تەدریج موتەوەجوە بووم کە حیزبی توودە و ڕەهبەریی حیزبی توودە موستەقیمەن لە باری سیاسییەوە نەقشی هەبوە لەوێدا و عەلی گەلاوێژ نەقشی موستەقیمی بووە. لەدوایەدا لە جەلەساتی بەعدیدا لەگەڵ گەلاوێژ دانیشتم، مەعلووم بوو کە عەلی گەلاوێژ لەو تەرحەدا نەقشی هەبوە، دیارە ئەو تەرحە مقدارێك مەسایلی توندتری تێدا بوو کە ئەو دوو برادەرە حەك و ئیسلاحیان تێدا کرد، زۆرتریان قابلی قەبووڵتر کرد و ئەمن بە تەشخیسی خۆم قەبووڵم کرد کە کۆنگرەی چوار تەشکیل بدەین.

ئەقەل لەو مەسئولییەتەی بێنە خوارێ. ئەساسەن، ئەو مەسایلە بوو کە لەوێ مەترەح بوو، کە دەبێ لەسەری بدوێین.

وە تەغییری ئەوانە گەیشتە ئەو نەتیجەی کە موافقن کە تەغیرات بدرێ، وەلی پێویستە تەغیرات بە ڕەیی بدەین. بەڵام دوایە قەراریان دا ئیستراحەتێکی بکەن. دە فورجەی ئیستراحەتەکەدا، دەگەڵ یەکتری مەوردی بەحسیان قەرار دابوو، دیارە ئەوانیش بۆ خۆیان ئیستدلالیان کردبوو، خۆ هەروا نەبوو قاسملوو بڵێ، ئەوە حیزبی توودە فێری کردوون، ئەوە یەکێك لە مەوردەکانە. مومکینە قاسملوو ئەوەی نەکوتبێ، کەسێکی دیکە کوتبێتی، نازانم من ناتوانم قاسملوو موتەهەم بکەم، چون هیچ دەلیلێکم نییە. کێ کوتبووی لە ڕەحمانی کەریمیم بیستەوە کە شایعەیەکیان لەوێ بڵاو کردۆتەوە. لەو جەلەسەیەدا ئەمن موشاورەکانیشم دەعوەت کردبوو بێن و پلۆنۆم بێ، بەڵام موشاوەرەکانیان دەعوەت نەکردبوو. فەقەت ئەعزای کۆمیتە مەرکەزییان دەعوەت کردبوو، کە سەننار و جەهانگیری ئیسماعیل زادە نەیانتوانیبوو بێنە جەلەسەی. لە ٢٥ نەفەر ٢٣ نەفەر حازر بوون. بە هەر سوورەت پێموایە سەنار و ئەوانیش هاتبایەن، ئەوانیش مەوزعی موخالفی قاسملوویان هەبوو، چونکوو موددەتێك بوو سەناری مامەدی، مەوزعی موخالفی حیزبی گرتبوو، یانی خۆی جودا کردبۆوە لە حیزب، ئیعلامی مەوزعی غەیر مودەوەنی کردبوو. سەنار بۆ خۆی و هێزی مەحوی کە نزیك بە ٤٠٠ موسەلەحی هەبوو لە مەنتەقەی قوتووری خۆی موستەقل ئیعلام کردبوو و عەمەلەن خۆی لە حیزب جودا کردبۆوە. پێش کۆنگرەی چوار ئەو کارە کرابوو، ئەو مەسەلە مەترەح بوو کە ئەو تەسمیماتە بگیرێ، هەوەڵیش موافقەتیان کرد کە بە شەفاهی گۆڕانکارییەك بکرێ، پاشان ڕەییان دا.

ڕەحمەتی عەترییە یەکێك لەو عەواملانە بووە، کە هەواداری حیزبی توودە بووە، حیزبی توودە سەوقی داوە بێتە نێو حیزبی دێموکراتەوە.

دیارە ئێستا باسی دەکەن دەڵێن بەو نییەتەی بووە ئەوانەی عوزوی حیزبی توودە نەبن، یا نەبن بە عوزوی حیزبی توودە، ئەلعان کە حاملی ئەو تەفەکورەن، بچن لەگەڵ دێموکرات تێکەڵ بن، حاملانی ئەو تەفەکورە لە دەروونی حیزبی دێموکراتدا تەقوییەت بکەن، بەو نییەتەی ئەوانەیان ناردووە بۆ نێو حیزبی دێموکرات. دیارە لەوێش حەتمەن ئیتلاعاتێکی بێ وەربگرن، دەتوانی ئەوەی حیساب بکەی. وەلی نە بە عینوانی حیزبی توودە هاتبن، بەڵام ئەشخاس هەبوە کە وەکوو کادر ئەمە عوزوی حیزبی توودە بووە ڕەسمەن و بەڵام وەکوو کادر ئەمە قەرزمان کردووە، کە لە لحازی ئامووزشی و کاری سیاسی و ئەوانە پایەکیان هەبوە، بۆ ئەوەی بێن لەنێو وێدا بە عینوانی ئامووزش کۆمەك بکەن. ئەوەش بووە موشەخەسەن یەکدوو نەفەر بووە، زیاتر نەبوون کە ئێستاش عوزوی حیزبی توودەن.

## گەڵاڵەی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتو حیزبی توودە

برایم فەڕشی: باسی پلاتفۆرمی نووسەرانی حیزبی دێموکراتتان کرد کە فارووق کەیخوسرەو و حەمەدەمین سیراجی هاتن بۆ لای ئێوە، دوایە باسی ئەوەتان کرد کە موتەوەجە بوون لە شکڵگیریی ئەو جەریانەدا عەلی گەلاوێژیش نەخشی هەبوە، ئەو پلاتفۆرمە موشەخەسەن لەلایەن کێوە نووسرابوو؟

www.zheen.org

دابنیٚ، بەڵام ئەوان موتەئەسفانە ئیحترامیان بۆ ئیمزای خۆیان دانەنا، غەڵەت یا دروست، بلاخەرە ئەوە تەسویب کراوە، دەبیٚ پیٚیدا بڕۆی، لەغوی بکەی، دەبیٚ کۆنگرە لەغوی کاتەوە. ئەگەر دەتەویٚ موعەلەقی ڕابگری، دەبیٚ ئیستدلالت بۆی هەبیٚ، بۆ تەعلیقی نەك پیٚشیٚلی بکەی، مونتەشری نەکەی و بۆ حاکمیەتیشی نەنیٚری. لە حالیٚکدا تەشکیلی کۆنگرەی چوار بۆ نیشاندانی پۆزی موسبەت بە حاکمیەت بوو. بەنابەرئین ئەمە بەو ڕیٚگایەیدا ڕۆیشتین کە کۆنگرەی چوار تەسویبی کردبوو. بۆ حەلی موسالەمەتئامیزی مەسەلەی کوردستان و تەحەقوقی بەخشیٚك لە خواستەکانی خەڵکی کورد و ئەمە پلاتفۆرمی موختەلفمان داوە بە حاکمیەتی جمهووریی ئیسلامی، بە موسالمەتئامیزی کوردستان بائەهەمیەتە، حەلی مەسەلەی کوردستان ڕیٚگای شەڕی نییە، لە تەریقی جەنگەوە حەل نابیٚت، بەڵکە لە تەریقی موزاکرەوە حەل دەبیٚ و بە وەسیلەی نمایەندەگانی خۆمان. ئیٚمە تەوزیحمان داوە بۆ حاکمیەت کە خەڵکی کورد سەوابقیٚکی هەیە، تاریخیٚکی هەیە، بەنابەرئین ئەو لایحانەی کە ئیٚمە تەقدیممان کردووە، مەوردی ئەرزیابیی حاکمیەت قەراری گرتووە، تەسویبی کۆمیتە مەرکەزیی ئیٚمە بووە، هی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم. هەیئەتی سیاسی موزاکرە کراوە، حەتتا ئەمە نمایەندەمان تەعین کردووە حەمەدەمینی سیراجی و ڕەحیم قازی دوکتور ڕەحیمی قازی کە ڕەسمەن لەگەڵ ڕەییسی مەجلسی ئیٚرانیٚ هاشمی ڕەفسەنجانی موستەقیمەن چوون موزاکرەیان کرد لەسەر حەلی مەسەلەی کوردستان ئەو پلاتفۆرمەی ئیٚمە دەبیٚ بیدەین، قسەیان لەگەڵ کردووە.

کوتوویانە کاکە گیان، مەسەلەی کوردستان ڕیٚگای شەڕی نییە، دەبیٚ بە وەسیلەی موزاکرە حەل بکریٚ، تەوزیحاتیٚکی ئوسوولی و حەتتا

مونتەبق لەگەڵ قانوونی ئەساسیی ئێرانێ بۆ هاشمی ڕەفسەنجانییان داوە. ڕەفسەنجانی گەڕاوەتەوە کوتیەتی من هەتا ئەوڕۆکە لەبارەی مەسەلەی کوردستان لە شوورای ئینقلابدا مەوزعی موخالفم هەبوە و حەتتا لەسەر مەسەلەی خودگەردانی موخالف بووم.

ئەوە نیشانی دا بە مە کە ئەوەی **داریوش فرووهەر** لە شوورای ئینقلاب دەیگوت مەلاکان موخالفی تەرحی خودگەردانین کە ئێمە تەهیەمان کردووە، جناحی حکوومەتی **بازرگان** و *بەنی سەدر* و داریووش فرووهەر و **سەباغیان** و جناحی **نیهزەتی ئازادی** و **جیبهەی میللی** بوون، ئەوانە موخالفی ئەو پلاتفۆرمە بوون، موخالفی ئەو موسەوباتی خودگەردانییە بوون.

ئێمە باوەڕمان نەدەکرد، بەڵام وەختێ هاشمی ڕەفسەنجانی بە سەراحەت دەڵێ یەکێك لەوانە بووم، کە مخالفەتم حەتتا لەگەڵ خودگەردانیی کوردستان کردووە و موخالفەتم لەگەڵ موزاکرەکردن کردووە، دیارە هاشمی ڕەفسەنجانی یەکێك لە گەردانەندەگانی شوورای ئینقلاب بوو. قەتعەن مەلاکانی دیکەش موخالفەتیان کردووە، ئەمما ئێستا بەو تەوزیحاتەی کە ئێوە بۆ منو دا، ئەمن لەو فازەی هاتوومە خوارێ، موعتەقدم مەسایلی کە مەترەحی دەکەن قابلی تەوەجوهە. ئێوە دەتوانن بینووسن، وەکوو تەرحێك بیدەن بە حکوومەت.

کە هاتەوە ئێمە تەرحەکەمان تەهیە کرد، بۆ خۆشمان تەرحەکەمان تەهیە کردووە، هیچ کەس نەقشی لە تەرحەکەدا نەبوە، پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار بوون. ئەمە تەرحەکەمان تەهیە کردووە و داومانە، ئەوانە بەرڕەسییان کردووە، پاش بەرڕەسی تەلەفونی بە دوکتور قازیيان کوتبوو، ئەو تەرحەی کە ئێوە داوتانە، ئێمەش تەرحێکمان بەرانبەری ئەو

بڵاو دەکردەوە. دیارە جەهەتی **قاسملوو** کە حەملەیەکیان دەکرد، ئێمە جوابمان دەدانەوە و ئەسناد و مەدارکێك کە هەمان بوو لە ڕابتە لەگەڵ وابەستەگیی قاسملوو و ئەوان بە بەعسی عێراق بۆ تەئیدی ئەو حەوت مادەیەش ئەسنادو مەدارکمان هەبوو دەماندا دەرێ. دیارە ئەودەمی **ڕەحمان کەریمی** لە ڕەهبەریی حیزبی دێموکراتدا بوو، فەرماندەی نیزامی بوو، گاه و گودارێکی ئەو ئەسناد و مەدارکانەی بۆ ئێمە دەنارد. فۆتۆکۆپییەکانی کە ئێمە ئیستفادەمان لێ دەکرد، چاپمان دەکرد.

**پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**برایم فەڕشی:** مامە غەنی بۆ کۆنگرەی چوار نەیتوانی لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی بە تەوافوق بگات؟

**غەنی بلووریان:** عیللەتی ئەوەی کە بۆ نەیتوانی بە تەوافق بگات، ئەوەبوو کە ئەوان لە حەقیقەت ئێمەیان قەبووڵ نەبوو، ئێمەیان وەکوو عەناسووری چەپ تەلەقی دەکرد و شایەد فکریان کردبێتەوە کە حیزبی توودە بۆ خۆی کە هەیە، ئەوەش باسکێکی حیزبی توودەیە، لەولایەڕا عەمەل دەکات. شایەد وایان تەلەقی کردبێ، چون تەبلیغاتێکی وایان دەکرد، وایان تەبلیغ دەکرد کە ئەوانە ساختەی دەستی حیزبی توودەن. کە من باسم کرد جەریان چۆن بووە، حەتتا من لەسەر مەسایلی نیزامی لەگەڵ **کیانووری** شەڕمان لێ پەیدا بووە. کە ئەمە ٥٠٠ نەفەر پێشمەرگەمان هەبوە، کە کیانووری مخالفی ڕاگرتنی پێشمەرگە بوو، دەیکوت ئەمن نامەوێ لەگەڵ حیزبێکی [کە] پێشمەرگە بازییە بکات، نامەوێ ڕابیتەم هەبێ. ئەمن لەگەڵ حیزبێکی سیاسی ڕابیتە [دەگرم]، ئەگەر ئێوە

ناتوانین خودموختاری وەرگرین لەو حکوومەتەی. قەتعی ئەوە بارها من بە قاسملووم کووتووە. بەنابەرئین ئێمە دەبێ لە سەتحێکیدا کە مەعقوول بێ، وەریگرین. ئەمە دەعوەتمان لە قاسملوو کردووە، خودگەردانی بکاتە پایە بۆ موزاکرە، دایبنێن بڵێین ئەوەندەی کەمە ئەوەندەی زۆرە، ئەوەی خراپە ئەوەی چاکە، دابنیشین شیی بکەینەوە، موزاکرەی لەسەر بکەین. ئەتۆ چووی بدونە ئەوەی لە هەیئەتی سیاسیدا دانیشی مەترەحی بکەی خودسەر یەك جانبە چووی لە پشتی تەلەوزیۆن ئیعلامت کردووە کە خودگەردانی یانی سەرگەردانی، ئەویش منداڵێکی کورد کوتوویەتی.

گوتمان قاسملوو ئەوە بۆ تۆ شایستە نییە، دەبێ لە حیزبێکی بدونە هەیئەتی سیاسی بدون ئەوەی شیی کاتەوە، ڕەدی کاتەوە لە جەلەسەی هەیئەتی سیاسیدا، ئەتۆ چووی پشتی تەلەوزیۆن ئەو قسانەت کردووە، هەروەکوو ئەوەی کە ئێستا تیرۆر کراوە.

خودی نمایەندەی دوکتور قاسملوو لە فەڕانسە قسە دەکات، دەڵێ قاسملوو موزاکرەی کردووە بدونە ئەوەی بە ئیتلاعی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕابگەینێ، نەشریەی خۆیان چاپی کردووە، یانی قاسملوو ئەو سیستەمە کارەی هەبوە، ئەو ڕەوشەی هەبوە، تەکرەویی هەبوە قاسملوو، لەسەر تەکڕەوی بارها و بارها لە حیزبی دێموکراتدا، چ ئەو دەمەی لە عێراق بووە، چ ئەو دەمەی لە ئێران بوو، شەڕ بووە لەسەر تەکڕەویی قاسملوو، تەکڕەویی قاسملوو فەرهەنگێکە کە لە حیزبی توودە وەرگیرابوو، قاسملوو کە لە ڕەهبەریی حیزبی توودەدا بوو، لەو ڕەهبەریی حیزبی توودە ئەو تەکڕەوییە فێر ببوو، ئەو سیستەمە فکرییە، سیستەمە تەشکیلاتییە، لە حیزبی توودە فێر بووە، ئێستاش ڕەهبەریی حیزبی توودە دارای موشەخەسایەتێکیە کە تەکڕەوییە و

www.zheen.org

برایم فەڕشی: مامە غەنی باسی ئەوە دەکەن کە دەمانزانی ئەو حکوومەتە موعتەقد بە دێموکراسی نییە، حەلی ..

غەنی بلووریان: گەیشتین

برایم فەڕشی: حە ..

غەنی بلووریان: بەڵێ

برایم فەڕشی: لە چ مەقتەعێك گەیشتن؟

غەنی بلووریان : ئەمە لە ئەوەڵەوە لەگەڵ قاسملوو ئەو قسەمان دەکرد کە خودموختاری نادا، بەڵام مومکینە ئیمتیازاتی دیکەی لێ بستێنی. لەگەڵ قاسملوو ئەوەمان مەترەح دەکرد. لەسەر ئەو هەوایەش هاتین موزاکرەمان کرد. کە موزاکرەمان کرد نە بۆ خودموختاری ئەسڵەن ئێمە خودموختاریمان مەترەح نەکردووە لەگەڵ حاکمیەت. مەسەلەی حەقی تەعینی سەرنوشت لە چوارچێوەی ئێرانێدا بە شێوەی شوورایییمان[٦] مەترەح کرددووە، کە ئەمە کوتمان کاکە گیان لە قانوونی ئەساسیی خۆتاندا بە شوورا موعتەقدن، لە قورعانەکە و دینەکەتاندا بە

---

[٦] خودموختاری بە دەستی شووراکان دروشمی ڕێکخراوی **چریکەکانی فەدایی** بوو، کە پاش شەڕی سێ مانگە بەر لە کۆبوونەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەگەڵ هەیئەتی حکوومەت لە گوندی **کونە مشك** و **بنوخەڵەف**، لەلایەن سێ کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، بەکەڵك وەرگرتن لە کتێبەکەی ئیستالین و مەسئەلەی میللی لە گوندی **شێنێ** نووسرا. پاش تەواوبوونی ئەو تەرحە و تایپکردنی لەلایەن نووسەری ئەو دێڕانەوە درا بە ڕابەرانی ئەو کاتی **کۆمەڵە** کە ئەوانیش هەر لەو گوندە بوون. کۆمەڵە لە داڕشتندا سووکە گۆڕانێکی تێدا پێك هێناو بوو بە بەرنامەی ئەوانیش. حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خودموختاریی خۆی هەبوو، کە لەگەڵ حکوومەتیش باسی کردبوو. لەلایەن حزبەوە هیچ بەرنامەیەك بەپێی شوورا نەبیندراوە.

وەختێکی ئەمە حاکمیەتی تەحلیل دەکەین کە مەلان، ئەوە ئەسڵەن تەزادی هەیە لەگەڵ ئەو خواستەی کە ئێمە هەمانە، وەکوو دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان، خودی موسەوباتی کۆنگرەی چوار دەگەڵ ئەوەی تەزادی هەیە، چونکوو خودموختاری و دێموکراسی حکوومەتێك دەیدا کە لە ماهیەتدا بە دێموکراسی ئیمانی هەبێ و دێموکراسی ڕایج ناکات، حکوومەتی کە زیددی دێموکراتیکە عەمەل دەکات، ئەو حکوومەتەی بە دێموکراسی ئیعتقادی نییە، ئەو حکوومەتەی کە بە قانوونی ئەساسیی ئیسلامی خۆی دایناوە ئیعتقادی نییە، ئێمە دێنین موسەوباتێکی بە حەددێك ئابەکی مەترەح دەکەین، بە حەددێك ڕاسترەوانە مەترەح دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو حاکمیەتە ڕازی بکەین کە خودموختاریمان بداتێ، یەکێك لەوەی کە ئێستا دیارە، ئەو دەم ئێمە دیدمان شتێکی دیکە بوو، بە دیدێکی دیکە تەماشای جمهووریی ئیسلامیمان دەکرد، ئەگەر ئێمە ڕۆژی ئەوەڵێ دەرکمان ئەوە بایە کە ئەو حاکمیەتی جمهووریی ئیسلامی زیددی ئینقلابە، ئەسڵەن لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی ڕازی بە موزاکرەش نەدەبووین، بەڵکە شوعاری سەرنگوونیمان هەڵدەگرت. ئەما بێنین ئەو واقعیەتی قەبووڵ بکەین جمهووریی ئیسلامی ئەمن کە لە زینداندێدا بووم، خومەینی ئێستا نەهاتبۆوە ئێرانێ، جمهووریی ئیسلامیش تەشکیل نەببوو، ئەمن لە زینداندێدا دەمدی کە موجاهیدنی خەڵك چەندە تەرەفداری خومەینین و لە مەنبەعی خومەینی چ تەعزیە دەکەن، چ ئیمکاناتێك دەستغەیب کە لە زیندانی شیرازێ بووم، ۱۲۰، ۱۳۰ نەفەر موجاهیدی تێدا بوو، بە میلۆنها پووڵیان هەبوو لەلایەن دەستغەیبەوە بۆیان دەهات. وەختێکی هاتینە دەرێ، مەگەر موجاهید و حیزبی توودە و گرووهای سیاسیی موشەخەس تەواوی عالەم نەڕژانە

خەیابانێ، بۆ دەرهەم شکاندنی ماشینی جەنگی و سیاسیی ڕژێمی سەڵتەنەتیی ئێران، هاتنە مەیدان بە نەوارەکانی **خومەینی پشتیوانییان لێ** دەکرد و لە تەواوی شارەکانی ئێرانێ تەزاهورات بوو بۆ پشتیوانی لە خومەینی. مەگەر لە **سەردەشت** و **مەهاباد** و **سنە** و شارەکانی کوردستان چەند کەس کوژران بە خاتری تەزاهورات عەلەیهی حکوومەت و عەلەیی حاکمیەت بەرای پیرۆزیی ئینقلاب، ئینقلابێك کە بە تەدریج خومەینی لە ڕەئسیدا بوو و تەبلیغاتێکی بۆ خومەینی دەکرا. **ئەو واقعیەتەی دەبێ بڵێین، هەموو میللەتی ئێرانێ نە تەنها فریویان خوارد، بەڵکوو هەموو دونیا فریوی جمهووریی ئیسلامی و خومەینییان خوارد، ئەوە قەبووڵ بکەین شەرق و غەرب فریوی ماهیەتی ئەو کابرایەیان خوارد، عیللەتەی ئەوەی فریویان خوارد چ بوو؟ لەبەر ئەوە بوو ئێمە تاریخی قروونی وستامان فەرامۆش کردبوو.**

کە وەختێك ڕووحانیانی مەزهەبی دێنە سەرکار، چ جنایەتێکی دەکەن. **ئێمە تەوەجوهمان بە قروونی تاریخی نەکردبوو، فەرامۆشمان کردبوو، تاریخمان فەرامۆش کردبوو**، هەموو نیرووکانی ئێرانێ فەرامۆشیان کردبوو، ئەغڵەب میللەتی ئێرانێ ئەوەی تاریخخوان بوون، فەرامۆشیان کردبوو. ئێمە قەبووڵمان کردبوو، کتێبی خومەینی پەخش کرابوو من نەمخوێندبۆوە، ئەوەی ماهییەتی ولایەتی فەقی لەوێدا نیشان داوە، ئەوان فریوی زاهری خومەینییان خوارد، دەیگوت لە جمهووریی ئیسلامیدا، لە حکوومەتی ئیسلامیدا، کۆمۆنیستیش دەتوانن ئازادییان هەبێ، ئەوە یەك؛ دووهەم بە عیللەتی ئەوەی کە سازمانێکی ساواك وەکوو سازمانێکی سیاسی هی حاکمیەتی ئەو دەمی فشاری زۆر لەسەر خەڵك بوو، خەڵك نارەزایەتییەکی زۆری لە ڕژێمی سەڵتەنەتی هەبوو، لە

کوتن قاسملوو مومکینه شەڕو پێ بفرۆشێ، قاسملوو لەوانەیە، چون خۆی بە حاکمی مەنتەقە دەزانی، ئیجازە نادا هیچ گرووه و دەستەیەك لە مەنتەقەی کوردستان فەعالیەت بکەن. ئیدعای دێموکراسی دەکات، بەڵام موعتەقد بە دێموکراسی نییە، موعتەقد بە دیکتاتۆرییە، قودرەتی موتڵەقیە لە مەنتەقەی، شەڕی کۆمەڵەی لەگەڵ قاسملوو لەسەر ئەو قودرەتە موتڵەقیەیە، کە ڕێگا نادا بە کۆمەڵە لەوێ فەعالیەت بکات، دەڵێ کۆمەڵە چەپە ئەفکاری چەپ دەبا، دەتوانێ فەعال بێ و دیهقانان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. شوعارەکانی زیبەندەیە، جوانە بۆ دیهقانان، کۆمەڵەش فەعالە، قاسملوو ڕێگای نەدەدا. پێم کوتن ئێوە مەبادا ئەگەر قاسملوو حەملەی پێکردن، شەڕی کرد چەند نەفەری لێکوشتن، ئەنگۆ عەکسولعەمەل نیشان بدەن. لێ گەڕێ دوو کەڕەت سێ کەڕەت چوار کەڕەت حەملەتان پێبکات. خەڵك قەزاوەتێ بکات، پاشان حەقی دیفاع بە خۆتان بدەن. ئەوە قسەی من بوو بۆ ئەو خوسرەوەی کە ئێستا لێرەیە.

### زەربەی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار لە جولانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات

برایم فەڕشی: مامە غەنی دوای ئەو هەموو بەسەرهاتە، ئێستا کە تەماشا دەکەن، پێتان وانییە تەوجوه بەو حەرەکەتە سیاسیەی کە کردووتانە، بە نێوی کۆنگرەی چوار، زەرەباتێکی جیدیتان لە خەڵکی کورد داوە؟

www.zheen.org

غەنی بلووریان: نا ئەمە هیچ عەقیدەمان ئەوە نییە، زەربەمان لە جونبشی کورد داوە، بۆچی؟ چونکوو ئێمە کە جودا بووینەوە، کادری سیاسی جودا بووینەوە، نە کادری نیزامیی پیشمەرگە، وەختێکی ئێمە

غەنی بلووریان: جونبشی کوردستان تەزعیف نەبوە، جونبشی کوردستان فەقەت قاسملوو نییە، جونبشی کوردستان کۆمەڵەش بوو، ئەویش بەخشێکە.

برایم فەڕشی: جونبشی خەڵکی کورد.

غەنی بلووریان: ئاخەر جونبشی خەڵکی کورد لە چ بارێکەوە تەزعیف دەبێ،

برایم فەڕشی: لە باری سیاسییەوە ...

غەنی بلووریان: کامە سیاسی؟

برایم فەڕشی: لە باری نیزامییەوە

غەنی بلووریان: لە باری نیزامییەوە ئێمە پێشمەرگەمان هەبوە؟ ئەمە پێشمەرگەمان هەبوو، پێشمەرگەمان لێکردووە؟ پێشمەرگەمان لێ نەکردۆتەوە، پێشمەرگەی سەننار، ساڵێك، ٦ مانگ پێش ئێمە ئیعلامی مەوزع بکەین، لێی ببۆوە، جودا بوو لێی، بەڵام بۆ خۆی شەڕی نەدەکرد لەگەڵ جمهووریی ئیسلامیش. مەوزعی گرتبوو، لەوێی دانابوو. ئەمن ئەوەم قەبووڵ نییە ئەسڵەن، تەزعیفی سیاسی نیزامی، ئێمە تەزعیفی نیزامی سیاسیمان کردووە.

برایم فەڕشی: ئەو ئینشعابە ....

غەنی بلووریان: ئینشعاب، هەر جێگایەکیدا بێ نادروستە، ئەوە دروستە، ئەو تیکەیە قەبووڵ دەکەم ..

برایم فەڕشی: ئەو ئینشعابە ..

غەنی بلووریان: ئینشعاب، تەزعیفە، بەڵێ.

برایم فەڕی: ئەو ئینشعابە، لە سەرەوە هەتا خوارەوەی گرتووە، یانی ڕەنگە پێشمەرگە لەگەڵ ئێوە نەهاتبێ، بەڵام پێشمەرگە وەختێ ئەو

www.zheen.org

